# هێرشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕسوا دەکەین

دیسان ڕەگەزپەرستەکانی تورکیا کەوتەنەوە هەڕەشە وگورشەی بەکارهێنانی هێزی لەشەکرکێشی بۆ سەر گەلی ستەمدیدەی باشوری کوردستان، بە ڕێکەوتنی ژێربەژێریان بۆ گیانی ئەو کوردەی کە هەشتا ساڵ زیاترە لە ژێر باری ناهەمواری ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی دەناڵێنن. بۆ گیانی ئەو کوردستانەی کە دەیان جار جەنگی کاولکاری ڕاگەیاندرا بەرامبەری و ئەنفالی بەدناو و کیمابارانی بە خۆیەوە دی، کە بە پێی هەموو پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و بەندەکانی جاری جیهانی نێودەڵەتی بۆ مافی مرۆڤ و پێوەرە یاسایەکانی جینوساید ئەم کارەسات و جەنگانە دەچنە خانەی جینۆسایدی گەلی کوردەوە.
ئەم جارەیان بە بیانوی ڕاگەیاندنی جەنگ لەگەڵ گەریلای پەکەکەدا حکومەتی تورکیا بەرامبەر بە کەمترین ماف و خۆشگوزەرانی و ئارامی بۆ کورد و کوردستان دیانەوێت کوردستان جارێکی تر بسوتێنەوە و کاولی بکەن ، کەوتونەتە تۆپارانکردنی دێهات و دەڤەرکانی سەر سنور و وێراکردنی باخو رەز و مەزرا کشتوکاڵیەکان و ئامادەباشی دەکن بۆ بەقوەرسترین چەکەوە ئامادەباشی دەکن بۆ گیانی خەڵکی سڤیل و بێچەک. بۆ ڕەوادان بە هێرشی نارەوایان بە پێی هەموو عورف و هاوپەیمانێتی نێودەولەتی و هاوسێیەتیەک، پەنایان بردە بەر پەرلەمانی خۆیان، ئەوانیش هێرشی جەندرمەکانیان حەلاڵ کردو ڕەوایەتیان پێدا.
کورد و کوردستانیانی هێژا !، ئاشکرایە لای هەمووان کە مەرامی سەرکی ئەم هەرشەو گورەشەیەی تورکیا و لەشکرکێشی بۆ سەر باشوری کوردستانە! تابتوانن لەمپەر دابنێن لەبەردەم چارەسەی کێشەی کەرکوکی کوردستانی و گەڕانەوەی ئەم شارە خۆشەویستە بۆ ئامێزی دایکی ڕاستەقینەی خۆی کە کوردستانە. ئەم لەشەکرکێشییەی تورکیا بۆ لەباربردنی ئەو ئارامیی و پیچە ئازادی و دیموکراتیەی ناو باشوری کوردستانە.
ئێمە وەک نوێنەری زۆربەی زۆری حیزبە سیاسیەکانی کوردساتان و کۆمەڵێکی زۆر لە ڕێکخراوو کۆمەڵەی مەدەنی و مرۆڤدۆست، کۆمیتەیەکی باڵای 15 کەسی و دەستەیەکی 5 کەسی کارگێڕ بۆ ئەم کۆمیتەیەمان ئامادە کردوە، بە مەبەستی دژایەتی ئەم هێرشە نارەوایەی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان. هەوڵەکانمان برێتیدەبن لە خەباتی مەدەنیانە و سیاسیانە وەک: خۆپیشاندان، کەمپینی ئیمزا کۆکردنەوە، مانگرتن لەبەردەم پەرلەماندا، پەیوەندیکردن بە پەرلەمان و وەزارەتی دەروە و ناوەندە سیاسی ویاسیەکان و کەسایەتیە سیاسیەکانی نەرویجەوە بە مەبەستی فشارخستنە سەر ڕژێمی تورکیا بۆ ڕاگرتنی ئەم هێرشە قێزەونەیان بۆ سەر وڵاتی خۆشەویستمان.
ئەلێروە سەرەرای بانگەشەمان بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیە بە ڕێگای گفتو گۆی ئاشتیانەودیالۆگ ، داوا لە ئێوەی هێژاو و خەمخۆر بۆ کوردی ستەمدیدەی هەموو کوردستان و هەموو کوردی جیهان دەکەین هاوبەشی بەکەن لە کاتی ڕاگەیاندنی هەرچ جۆرێک لەو خەباتانە، بە هاوبەشی یەکدەنگی و یەک ڕەنگی و یەک دەستی خەباتەکەمان دەوڵەمەند دەبێت و کاریگەری زیاتر دەبێت بۆ سەر ناوەندە سیاسی و یاسایەکانی وڵاتی نەرویج، ئێمە چاوەڕوانی هیمەتی ئێوەین و بە دەنگەوەهاتنی ئێوە چاوەڕوانکراوە بۆ ئەم کارە پیرۆزە کە ڕەنگە بچوکترین هەڵوێست و ئەرک بێت بە بەراوردکردن بەو هەڕەشە گەورەیەی ڕەگەزپەرستەکان بۆ سەر گەلە ستەمدیدەکەمان. هوشیاری ئەوتان هەبێت کە بە لە خۆبوردن و کارنەکردن بۆ ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێکی ئێمەی ڕەوەندی کورد لە نەرویج لە کاتی خۆپیشاندان و مانگرتندا ڕەنگە بتوانین بەر بەو لەشکرکێشیە بگرین کە نیازیانە هەرچیمان کەڵەکە کردوە لە بەدەستهێنانی مافێکی

سەرتایی و کەمێک ئازادی و دیموکراتی وەک ماشێنی بەفرخۆرە بیخۆین و کەرامەت و سەروەری گەلەکەمان بشکێنن و ئەوەی ڕژێمی بەعسی فاشی و سەدامی گۆڕبەگۆڕ بۆیان نەکرا ئەمان لە جیاتی ئەوان و دوژمنەکانی تری کورد جێبەجێی بکەن.

کۆمیتەی کوردەکانی نەرویج دژ بە هێرشی تورکیای ڕەگەزپەرست بۆ سەر کوردستانی باشور.

01.11.2007

نەرویج.